# ناسیۆنالیست و ڕێیسیست ( بۆ کۆمۆنیستەکان)

**کوردی**

لەو ڕۆژەوە کە حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاری عێراق دامەزراوە سەری زمان و بنی زمانیان ناسیۆنالیستی کوردە. بە شێوەیەک باس لە ناسیۆنالیست ئەکەن ئەگەر کەسێک شارەزایی لە فەرهەنگی ڕامیاری نەبێت ئەوا سڵ لەم ناوە ئەکات و لەوانەشە بە دەروێشانە نەفرەت لە ناسیۆنالیست بکات و ببێت بە چەپێکی دژ بە نەتەوەی خۆی. دوو ووشەی ڕامیاری هەیە ناسیۆنالیست و ڕێیسیست بە داخەوە ئێمرۆ کۆمەنیستەکان تێکەڵ بەیەکیان ئەکەن. بۆیە بە پێوویستم زانی چەند ڕوون کردنەوەیەک بکەم لەسەر ئەم دوو زاراوە.

یەکەم: ناسیۆنالیست لە ووشەی ناسیونال هاتووە واتە نەتەوە، وە ناسیونالیست ئەو کەسەیە کە بڕوای بە نەتەوەی خۆی هەیە و بەرژەوەندی میللەتی خۆی لەسەرو بەرژەوەندی میللەتی تر دائەنێت. ناسیۆنالیست ئەو کەسەیە کە هەولدان و هیوای پێشکەوتوو خوازی بۆ نەتەوەکەی خۆی ئەخوازێ. وە ناسیۆنالیست بەرگری لە خاک و نیشتیمانی خۆی ئەکات وە هەرکاتێک پەلاماری نەتەوەیەکی تری دا ئەوا بە ناسیۆنالیست دانانرێت بەلکو بە داگیرکەر دائەنرێت. ئەگەر ئەمە مانای ناسیۆنالیست بێت بەڵێ من کوردم و کوردێکی ناسیۆنالیستم.

دووەم: ڕێیسیست ئەو جۆرە کەسانە ئەگرێتەوە کە تەنها بڕوایان بە نەتەوەی خۆیان هەیە و هەموو نەتەوەکانی تر ڕەت ئەکەنەنەوە. بەواتایەکی تر خۆیان بە سەروو هەموو کەسێک دائەنێنن و نەتەوەکانی تر بە پلەی دوو و سێ یان زۆر خوارتر دائەنێن. ئەگەر ئەمە مانای ڕێیسیست بێت من کوردێکم نەفرەتی لێ ئەکەم و دژی ئەم بیرو باوەرە بۆگەنە ئەبم.

ئایا کورد ناسیونالیستە یاخود ڕێیسیستە

بەر لەوەی باسی ئەوەبکەم بلێم کورد چیە پێووستە باس لەوە بکەین ئایا دووژمنەکانمان چیین. ئێمە سێ دووژمنی سەرەکیمان هەیە پێش ئەوەی جیهانی کرێکاری و بیرو باوەری مارکسیەت و چینانیەتی بێتە سەر مێبەری سیاسی و نووسین و لێکۆلینەوە. بە درێژای مێژووی کورد، لەو ڕۆژەوە کە مادەکان ئیمراتۆریەتی رووخا ڕەگەزی فارس دووژمنایەتیەکی هەلگیرساندووە کە بە هەموو هێزو توانای وویستوویەتی کەلتووری خۆی زاڵ بکات بەسەر کەلتووری کورد، هەروەها بە درێژای مێژووی بەرهەمی کرێکاری کورد و نەتەوەی کوردی خواردووە. ڕۆژێک لە ڕۆژان کوردی بە پلە یەک دانەناوە هەرگیز ئێمە بە پلە دوو و سێ و ژێرسفریش دانەناوە ڕۆژێک لە ڕۆژان کوردێک دەسەلاتی وەرنەگرتووە لە ئێران هەرگیز خۆیان حاکمی یەکەم بوون. توو ویژدانتان فارس ناسیۆنالیستە یاخود ڕێیسیستە برا کۆمەنیستەکانی کورد.

هەر لەو ڕۆژەشەوە کە عەرەب لە ژێر سایەی ئیسلامی موبارک دەسەلاتیان گەیشتە کوردستان و ئەنفالی یەکیان دەست پێ کرد هەر لەو ڕۆژەوە هەتا ئێستا کورد بە پلەی چەند دانراوە لەلایان عەرەبەوە. وە ئەگەر بێینە سەر بابەتی تورک لە سەردەمی عوسمانی و عیلمانیدا چ ڕۆژێک کورد بە پلەی چوار و پێنج دانراوە ئایا زمان و کەلتووری کورد نە چۆتە ژێر چەوساندنەوەی تورک چ ڕۆژێک سیستەمی تورک یاخود کەسێکی ئاسایی کوردی بە مرۆڤ داناوە. توو ویژادانی مرۆڤایەتیتان تورک و فارس و عەرەب ناسیۆنالیستن یاخود ڕێیسیستن.

ئینجا با وەڵامی پرسیارەکەم بدەمەوە بزانین کورد ناسیونالیستە یاخود ڕەیسیستە، مرۆڤ ئەو کاتە لە دایک ئەبێ بە زمانی دایکی خۆی زمانی ئەکرێتەوە لەو لانکە گەورە ئەبێت کە دایک و باوکی بۆی دابین ئەکەن بەو خۆراک و میوەجاتە گەورە ئەبێت کە لە خاکی نیشتیمانی ئەروێ بەو کەلتوورە گۆش ئەبێتت کە باو باپیرانی درووستیان کردووە ئیتر کە داگیرکەرێک بێت و بەرهەمی خاک و خۆلی نیشتیمانەکەی بدزێ بۆچی بەرگری لێ نەکات کە کورد خۆی بە مرۆڤ دانێت بۆچی سەر دانەوێ بۆ کەسێک کە بە مرۆڤی دانەنێت کە من زمان و کەلتوری وولاتەکەم و نیشتیمانی خۆم خۆش بوویت بۆچی من ناسیۆنالیستێکی بەد کارم بۆچی پێم ئەڵێن ڤایرۆسی کووشندە.

با هەندێ باسی مێژووی ناسیونالیستی کورد بکەین بە هەموو چین و توێژەکانی بەو حیزبانەی کوردی کە بەتایبەتی یەکێتی و پارتی کەمن لە گەڵیان نیم، بەڵام بە وویژدانەوە با بڕوانینە مێژوویان.

کاتێک کە عەرەب ئەنفالی کرد بەسەر کورد کاتێک کە کورد قران کرا لە باکور چ ڕۆژێک مناڵێکی عەرەب بە دەستی ناسیۆنالیستێکی کورد کوژرا. کاتێک زمانی کوردەکانی باکور قەدەغەکرا چ ڕۆژێک زمانی تورکێک برا. چ ڕۆژێک کورد ڕەیسیست بووە. ئەگەر هاوکێشەی ڕامیاریتان ئەوێ دەبوایە کوردیش ڕەیسیست با و شەڕیشی خستبا ناو ماڵی دووژمن بەڵام هەموو کاتێک شەڕمان لە سەر ماڵی خۆمان بووە و شاخەکان لانەی تێکۆشەرانی کورد بووە هەرگیز لە شۆرشی کورد ماڵی هیچ داگیرکەرێک وێران نەبووە بەلکو هەر لادێ و شاری کورد کەوتووتە ژێر بۆب بادی دووژمن. کە مناڵە چاو گەشەکانی کورد بە کیمیاوی ئە کۆژرا چ ڕۆژێک مناڵێکی عەرەب پەنجەی بە خۆێن داهات. هەر کاتێک دیلێکی کورد بە دەست دووژمن ئەکەوت لە سێدارە ئەدراو خوشک و دایکی لە بەر چاوی شەرەفی ئەتک ئەکرا، بەڵام لە ڕاپەرینی ۹۱ کە سەد هەزار سەربازی عەرەب بە دیل گیران چ دیلێک بە دەستی ناسیۆنالیستی کورد کوژرا توو ویژدانی مرۆڤایتیەکەتان ڕاست بن لە گەڵ خۆتان و ئەو درووشمانەی کە هەڵتان گرتووە.

وولاتە پێشکەوتوەکان و ناسیۆنالیست

کە باس لە پێشکەوتووی وولات و ڕۆشنبیری ئەکرێ زۆر جار دەست بۆ هەندێ وولاتانی ئەسکەندەنافی و وولاتی تر ئەبردرێت. ئەم وولاتانە خۆیان سنورێکیان بۆ خۆیان داناوە و هیچ کاتێک نەتەوەی خۆیان نەتواندۆتەوە لە ناو نەتەوەیەکی تر هیچ کاتێک سنووری خۆیان نەبەزاندووە بۆ سنورێکی تر. کە بێتە سەر باسی نەتەوەیی هەرکەسێک نەتەوەی خۆی هەل ئەبژێرێ و بەرژەوەندی خۆی لەسەرو هەموو بەرژەوەندیەک دائەنێت. ئیتر چ کاتێک یەکێک نەتەوەی خۆی ڕەت کردۆتەوە و نەتەوەیەکی تری هەلبژاردوە لە بەر ئەوەی کە ڕقی لە نەتەوەی خۆی بوویێتەوە. بەڵام هەر ئەم نەتەوانە دژی نەتەوەی تر نین کەواتە ئەمانە ناسیۆنالیستن. ئەم نەتەوانە زۆربەی خەلکی ڕۆشنبیریان لە گەڵ سۆزی نەتەوەی ترن بەڵام نەتەوەی خۆشیان فەرامۆش نەکردووە. بۆ نموونە سویدیەکان لە گەڵ سۆزی نەتەوەی کوردن بەڵام هیچ کاتێک کوردیان خۆشتر ناوێ لە میللەتی خۆیان. سادەترین نموونە یاری تۆپی پێیە، چ کەسێکتان دیووە کە لایەنگری تیپێک بێت کە دژی وولاتەکی خۆی یاری کردبێ ئایا هەر

هەموویان لایەنگری تیپی ووڵاتی خۆیان نین؟ چ میللەتێکت دیوە ئابووری ووڵاتی خۆی بۆ میللەتێکی تر تەپاندبێ؟ ئیتر جیهان هەر هەمووی ناسیۆنالیستە. کە زۆربەی زۆری رۆشنبیری جیهان ناسیۆنالیست بێت بۆچی گەر من میللەتێکی چەوساوە بم ڤایرۆسم. کە چواردەورەم هەمووی رێیسیست بن بەرامبەرم وە جیهانیش ناسیۆنالیست بێت ئەی چیتان لە کورد ئەوێ؟! ئەتانەوێ تیشکی نیونەتەوەی لە ناو میللەتێکی چەوساوەی وەکو کورد دەرکەوێ؟! ( ئەمە مەحالە هەتا کوردێک بچەوسێتەوە بە دەستی تورک و عەرەب و فارس)

بەراستی دەبێ کۆمۆنیستەکانی عێراق بە خۆیان دابچنەوە هیچی تر بەم شێوەیە سوکایەتی بە ناسیونالیست نەکەن.

## شەڕ و دژی شەڕ

بێگومان روون و ئاشکرایە کۆمۆنیست دووژمنی سەرسەختی ئاینە وە کۆمۆنیستی کورد دژی ئاینی ئیسلامە بە تایبەتی، هەروەها ئیسلامیەکانیش بەهەمان شێوە دووژمنی کۆمۆنیستەکانن. هەروەها کۆمۆنیستەکان دژی سەرمایەدارین.

پێش روخاندنی سەدام زۆربەی خەلک هاتە سەر شەقامەکان ووتیان نا بۆ شەر بەلآم دەبێ بپرسین خەلک بۆ وای ووت و کێ لە پشت ئەم کەسانە بوون. بەڵگەیەکی بەڵگە نەویستە چەکی عێراق بریتی بوو لە چەکە کۆنەکانی کۆمۆنیستی سۆڤیت و چینی کۆمۆنیست لەگەل هەندێ چەکی سەرمایەدارەکانی ئەورووپی کە فەرنسا و ئەلمانیا بوو. لەکاتێک کە ئەمریکا بانگەوازی روخانی سەدامی کرد ئەم چوار ووڵاتە بەرژوەندیان لە مانەوەی سەدام بوو چونکە سەدام سەرچاوەی سەرکیان بوو بۆ چەک کرین بەڵێ ئەم ووڵاتانە خەلکیان فریو دا کە بڵێن نا بۆ شەر بە ملیونەها دولاریان خەرج کرد تاوەکو سەدام بمێنێتەوە لە سەر حوکم. ئەم خەلکانەش هێندە گەمژە بوون وایان ئەزانی سەدام زۆر باشە و شەرەکە دژی خەلکی عێراقە.

( بەلآم بۆ ئەوەی کۆمۆنیستەکان من بە گەمژە تێنەگەن با من پێتان بڵێم ئەمریکاش بۆ خاتری خەلکی عێراق ئەم شەرەی نەکرد تەنها بۆ بەرژەوەندی خۆی کردی)

کوردیش پێش شەڕ و پاش شەریش چاکی زانی و چاک ئەزانێ ئەمریکا بۆ کورد ئەم شەری نەکرد بەلآم ئێمەش پێش شەر و پاش شەریش ئەمان زانی سوودمان لە نەمانی سەدامە. چونکە باش ئەمان زانی ئەگەر خۆمان سەدامان بروخاندبا ئەوا سەدام نیو ملیۆنی تری لە کورد ئەکوشت بەلآم ئەمریکا بە کەمترین قوربانی ئەم سیستەمەی لە ناو برد ئایا برا کۆمۆنیستەکان ئەگەر ئێوە دژی شەر بوون بۆ ئەوەی خەلکی بێ تاوان نەکوژرێ ئەگەر ئێوە سەدامتان بروخاندبا چەند کەسی لە خەلکی بێ تاوان ئەکوژرا. پێتان وا بوو کە سەدام بە شێوەیەکی ئاشتی ئێوە لە سەر دەسەلآت لای بەن؟! ئەم پرسیارە خۆتان وەلآمی بدەنەوە.

بەلآم سەیر لەوەیە ئێوە شان بە شانی ئیسلامیە توند رەوەکان کە لایەنگری سەدام و بن لادن بوون چوون خۆپێشاندانتان کرد ئێوە شان بە شانی سەرمایەدارەکانی ئەلمانیا و فەرنسا بەژداری خۆپێشاندانتان کرد ئەی بۆ شان بە شانی ناسیۆنالیستەکانی کورد نەبوون کامتان پێ باشترە ناسیۆنالیست یاخود ئیسلامی و سەرمایەدار هەلبەتە دەرکەوت ئێوە لایەنگری بازرگانی چەک و خوێن و ئیسلامین وە دژی ناسیۆنالیستی کورد و بەرژەوەندی کوردن.

بەڵام هەندێ لە ئێوە کە هاتە سەرشەقامەکان تەنها لە ڕقی ئەمریکا بوو لەبەر هیچ هۆیەکی تر نەبوو. نەک بۆ خاتری گەلانی عێراق بەلکو تەنها لە ڕقی ئەمریکا خۆپێشاندانتان کرد. بەڵام من پرسیارێکتان لێ ئەکەم ئەگەر لە شەری جەنگی ساردا ئەگەر ئەمریکا ژێر کەوتبا و سۆڤیەتی شوعی سەرکەوتبا، ئەگەر ئەم شەرە سۆڤیەت هەلیگریساندبا ئایا ئێوە لایەنگری سۆڤیەت ئەبوون یاخود دژی ئەبوون بێ گومان ئێوە لایەنگری شەر ئەبوون. چونکە تاقی کردنەوەمان هەیە ئەویش شوعیەکانی عێراقن. لەکاتێکدا ئەیان زانی چەکەکانی عێراق لە سۆڤیەت و چین دێت هەر دڵیان بۆ مۆسکۆ لێی ئەدا. بێ گومان ئێوەش داتاشراوی شوعیەکانی عێراقن.

ئیسلامیەکان و کۆمۆنیستەکان

ئیسلامیە توند ڕەوەکانی کورد کە ئێستا هەندێکیان بن بڕ بوون ئامانجیان لە ناو بردنی ڕۆشن بیری و ڕووناکی بوو لە جیاتیدا چەقاندنی بنکەی تالیبان بوو. ئیسلامیەکان بۆ ئەوەی ئەم پرۆژەیە جێ بە جێ بکەن بڕیاریان دابوو کە حیزبەکانی کورد بە ناسیۆنالیست و چەپ لە ناو بەرن بەڵام پرۆژەکەیان ئەوە بوو یەکەم جار زلّ هێزەکانی کورد لە ناو بەرن ئینجا حیزبە کەمەکان و ڕێکخراوە چەپەکان. هەر بۆیە وویستیان یەکێتی نیشتیمانی لە ناوبەرن یەکەم جار ئینجا دەست بە ئەوانی تر دابێنن بە حیسابی خۆیان ئەگەر یەکێتی لە ناو بچێ ئەوا کارەکانیان ئاسان ئەبێ بۆ ئەوانی تر. ئەگەر چی یەکێتی نیشتیمانی بە زلّ هێزی خۆیەوە نەی توانی لە ناویان بەرێ و هەراسانیش بووو!

ئایا ئێوە ئەتان توانی ئیسلامیەکانتان لەناوبربا ئەی بۆچی سوپاسی کرۆزەکانی ئەمریکا نابن کە ئەم ئیسلامیانەی لە کۆڵ ئێوە کردەوە، ئایا ئەمریکا ئەم کارەی نەکردبا ئێوە لە دوارۆژا لە سەردەستی ئەم ئیسلامیانە لە ناو نەدەچوون. هەقی خۆیەتی هەروەک ڕیزێک ئەگەر سوپاسیشیان ناکەن هێندە لە دژیان نەبن چونکە ئێمرۆ کورد بەرژەوەندی لەگەڵ ئەمریکایە.

( بۆیە دیسان بە نەزانم تێنەگەن ئەزانم ئیسلامیەکانیش هەر بەدەستی ئەمریکا درووست بوون بەلام درووست بوونیان باسێکی دووروودرێژی هەیە بۆ ئەوەی لەباسەکەم دەرنەچم لە نووسینی داهاتوودا باسی ئەکەم)

کورت بینینی ڕامیاری

لە چەند ساڵی ڕابووردودا کۆمۆنیستەکان ووتیان ئێمە زیاتر لە ناسیونالیستەکان بەرژەوەندی کوردمان ئەوێ ئێمە ڕێفرێندەمان کرد تاوەکو کورد جیابێتەوە کەچی ناسیۆنالیستەکان حەزناکن.

حەز دەکەم ئەم خالە ڕوون بکەمەوە: ناسیۆنالیستی کورد دابەش ئەکرێ بە دوو تەوەری سەرەکی بێلایەنەکان و حیزبیەکان. کوردی بێلایەن حەزدەکات کورد جیابێتەوە هەموو ڕۆژێ لە ڕۆژنامە و نووسینەکانی داوای جیابوونەوە ئەکات بەڵام بێلایەنەکان هیچ لێپرسراوەیەتیان لە سەر نییە و زۆر لە دووری لێپرسراوەتین. وە ئەوانەی کە حیزبین زۆر لە ئێمە زیاتر حەز ئەکەن بەڵام ئێمرۆ درووشمەکانیان دەبێ بەم شێوەیە بێت چونکە چوار دوژمنی سەرکیمان هەیە. دەبێ ئێوە پرسیار لە خۆتان بکەن ئایا جەلال تالەبانی حەز ئەکات سەرۆکی سلێمانی بێت یاخود دەولەتی کورد یان مەسعود بارزانی خۆی حەزناکات ببێت بە سەرۆکی کوردستان یان

هەر ئەیویێت بە سەرۆکی هەولێر بمینێتەوە. لە کاتێک دا ئێوە درووشمی ڕێفراندەمتان بەرزکردەوە دوو شاری کورد لە ژێر دەستی دووژمن بوو ئایا ( یوئێن) ئەگەر بەم داواکاریە ڕازیبا کە کورد بەم سێ شارە ( هەولێر و سلێمان و دەهۆک) ببێت بە وولآت ئایا چۆن لە دوا ڕۆژا کەرکوک و موسل ئەبۆوە بە شاری کوردان. ئایا ئەم ڕێفراندەمەی ئێوە لە کورت بینینی سیاسی حیزبەکەتان دا نەبوو؟ وە مەحالیش بوو کە کەرکوک و موسل لە ژێر دەستی عێراق باو (یوئێن) ش بۆ کوردی بسەندبا و بۆی خستبا ناو سنوری دەولەتی کوردی.

لە کۆتایدا ئەڵێم هێندە سوکایەتی بە میللەتی خۆتان کرد بە دووژمنی خۆتان نەکرد هیوادارم بۆ جارێکیش باس لە ڕێیسیستی چوار دەوەرمان بکەن.

تێبینی کوردستان نێت:

ئەم نووسینە دەربڕینی بیروبۆچونی خاوەنەکەیەتی، کوردستان نێت لە ناوەڕۆکەکەی بەرپرسیار نییە.

www.kurdistannet.org
کوردستان نێت